


شیعری ئەویندار‌ی

لە مێژە شیعر دەنووسم ، هەیە بە شیعری من سەرسامە ، هەیە نا ، من هەر شیعر نانووسم، ڕەخنەش دەربارەی شیعر دەنووسم، کە وەک ڕەخنەگرێک سەرنجی شیعری خۆم دەدەم، هەست دەکەم، وەک چۆن شیعری جوانم گوتووە،زۆر شیعریشم نووسیوە، هەنووکە هێندە رووکەش و ڕووت و ڕەجاڵ دێنە بەر چاوم، بە خۆم دەڵێم سەد بریا ئەوشیعرانەم هەر نەنووسیبا.

شیعرم نووسیوە، باس لە ئەوینی نیشتمان دەکات و بە جوانی دەزانم، شیعرم نووسیوە ، دەکەوێتە خانەی ئەدەبی بەرەنگاربوونەوەوە و بە جوانی دەزانم،شیعرم نووسیوە، زادەی جیاوازی چینایەتییە و بە جوانی دەزام، شیعرم نووسیوە، زادەی خەمی دوورەولاتییە و بە جوانی دەزانم، ساتیرەشیعرم نووسیوە و بە جوانی دەزانم، وەلێ لەکن خۆم، جوانترین شیعرم ئەوانەن کە زادەی خۆشویستنی ژنن. نیزار قەبانی یەکێک بوو لەو شاعیرە گەورانەی دەیتوانی بێ ئەوەی چیرۆکێکی دلداری لە ئارادا هەبێت، جوانترین شیعری دڵداری بنووسێت، من بە پێچەوانەی ئەو شاعیرە مەزنەوە، لە هیچی نەبوو، قەت ناتوانم شیعرێکی جوانی ئەویندار‌ی بنووسم. ناڵێم هەر شیعرێکی دڵداریی من بگریت، زادەی چیرۆکێکی ئەویندارییە، وەلێ هەر شیعرێکی دڵداریی من بخوێنیتەوە، لابەرەیەکە لە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی دڵداری و زادەی ئەفسوونی ئەوینی ژنێکە.

با هەست بە غەریبی نەکەی

ئەوە دڵم

وەرە بیکە بە نیشتمان !

جارێکیان ژنێکی کورد لەو ئەسکەندەنافیایە، پێی گوتم : ( هەست بە غەریبی دەکەم .) ئەو ڕستەیە، هەوێنی یەکێک بوو لەو شیعرانەم کە خۆم بە جوانیان دەزانم. کە شیعرەکەم بۆ خوێندەوە ،گوتی: ئەوە جوانترین پێشنیارە لەژیانمدا گوێم لێ بووبێت. هەر لەهۆنراوەی (پەشیمانی) یەوە کە لەساڵی 1970 دا نووسیومە، تا دوا شیعری دڵداریم ، هیچیان زادەی وەهم نین. ئەوی چیرۆک بنووسێت ، ناچارە هەم قارەمان بخوڵقێنێت و هەم ڕووداویش.نازانم چۆن هەندێک شاعیر ، بێ هەبوونی ڕووداوێکی ڕاستەقینە ، دەتوانن ببن بە قارەمانی شیعر؟ لە هەر شیعرێکمدا،بگۆ کەسی یەکەمی تاک بێت، قارەمانی ڕاستەقینەی چیرۆکی شیعرەکە ، خۆمم. ئەگەر قارەمانی شیعرەکانیشم نەبم ،خۆم بە هەموو مانای وشەکەوە ، لەنێویاندام ،بۆیە هیچ بڕوام بەو جۆرە ڕەخنەیە نییە کە دەق لە بنووسەکەی جوێ دەکاتەوە.

سوپاس بۆ خوێنەرانم کە هێندە متمانەیان پێمە، قەت بڕوا ناکەن شیعرم بۆ تارمایی گوتبێت، قەت بڕوا ناکەن درۆیان بۆ بهۆنمەوە.

سوپاس بۆ ئەوانەی هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا کردووم و هەر لە سەرەتاوە لێیان پرسیوم : بە ڕاست ئەو شیعرەناسکانە بۆ کێ دەڵێیت ؟.

داوای لێبوردن لە هەموو ئەوانە دەکەم کە خۆم لەو پرسیارەیان دزیوەتەوە.

**حەمەسەعید حەسەن**